گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پێکهاتەکانی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی لە شاری هەولێر

**کاروان عوسمان تەها**
بەشی موزيك، كۆلێژی هونەرەجوانەكان، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، كوردستان، عێراق.
karwanmusic83@gmail.com

**دکتۆر ناصر هاشم بدن**
بەشی موزيك، كۆلێژی هونەرە جوانەكان، زانكۆی بەسرە، بەسرە، عێراق
nasserbadan60@su.edu.kurd

**پ.ی. رزگار محمد شيخ محمد**
بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
rizgar.shikhmohamad@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە.**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/١١/١
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/١/٤
بڵاو کردنەوە: زستانی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Kurdish songs, folklore, melody, rhythm, poetry*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.5.12

## پوختە

ئەم توێژینەوە بەناونیشانی (پێکهاتەکانی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی لەشاری هەولێر)خوێندنەوەیەکی تیۆری شیکاریە. هەوڵدانێکە بۆ شیکردنەوەی ناوەرۆک و پێکهاتە سەرەکییەکانی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی شاری هەولێر لەرووی (ئاواز، هۆنراوە، ریتم و فۆرمەوە) کە بنەماو سەرچاوەو کەرەستەن بۆ دروست بوونی هەر گۆرانیەك. بێگومان شیکردنەوەی زانستیانە بۆ بنەما سەرەکیەکانی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی بەگشتی و فۆلکلۆری شاری هەولێر بە تایبەتی، لەگەڵ ئەوەی ئەرشیف کردنێکی گرنگی ئەم گۆرانییانە و پاراستنیانە لە لەناوچوون، لە هەمان کاتدا گرنگییەکی زۆریشی بۆ پاراستنی کەلەپوری گۆرانی کوردی وبەردەستکردنی نۆتەی ئەم گۆرانییانە هەیە، بۆ کۆمەڵگای هونەرمەندان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و دەزگا ئەکادیمییەکانی هونەر لە کوردستاندا و دەوڵەمەندکرنی کتێبخانەی کوردی بە سەرچاوەی هونەری. توێژەر چەند گۆرانیەکی فۆلکلۆری کوردی شاری هەولێری وەك نموونەی توێژینەوەکە شیکردۆتەوە بەئامانجی خستنەڕووی پێکهاتە سەرەکیەکانی نێو گۆرانیەکان.

## میتۆدۆلۆجی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە خوێندنەوەیەکی تیۆری و شیکاریە بەناونیشانی (پێکهاتەکانی گۆرانی فۆلکۆری کوردی لە شاری هەولێر). توێژەر بە مەبەستی کۆکردنەوەی دۆکیۆمێنت و سامپڵەکان، سوودی وەرگرتووە لە گۆرانیە تۆمارەکانی نێو تیڤی ویوتوب و سایت و گۆڤارە هونەریەکان کەچەندین گۆرانی دەست کەوتووە. دوا بەدوای کۆکردنەوە و نوسینەوەی ووشە و نۆتەکانی چەندین گۆرانی توێژینەوەکە. وە بەپێی سنوری بابەتی توێژینەوەکە، توێژەر بە ڕاوێژکردن و ڕێککەوتن لەگەڵ سەرپەرشتیاری ئەم توێژینەوەیە 2 گۆرانیان وەك سامپڵی سەرەکی ئەم توێژینەوە زانستیە دەستنشانکرد.

بە مەبەستی دانانی پێوەرێك بۆ شیکردنەوەی هەردوو گۆرانیە فۆلکلۆریەکە، توێژەر بە گفتوگۆ و هەماهەنگی لەگەڵ سەرپەرشتیاری ئەم توێژینەوەیە، ئەم پێوەرانەی خوارەوەیان بۆ شیکردنەوەی دانراوەکان دەستنیشانکرد. ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە بنەما سەرەکیەکانی میتۆدی (SHMRG) کە ئەم تیۆرە لەلایەن (Jan larue) کە موزیکۆلۆجستێکی فەرەنسی بوو ئەم میتۆدەی داهێنا کە دەڵێت هەموو ئاوازێك پێکدێت لەپێنج بنەمای موزیکی کە بریتین لە( sound, harmony, melody, growth rythem and).(pisney، 2012، سایت)

1- فۆڕم (Form)
2- میلۆدی (Melody)
3- ڕیتم (Rythem)
4- شیعر (Poetry)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1 چواچێوەی بابەتی توێژینەوە

### 1.1 پێشەکی

گومان لەوەدا نیە کە هەموو میللەتان خاوەن گۆرانی تایبەت بەخۆیانن. گەلی کوردیش وەك هەموو گەلانی تری دونیاو ناوچەکە، خاوەن مێژوویەکی دێرینە. هەم وەکو مێژووی شارستانیەتەکەی، هەم لەڕووی کلتورو داب و نەریت وگۆرانیەوە. ئەو لێکۆڵینەوەیە خوێندنەوەیەکە لە (پێکهاتەکانی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی لە شاری هەولێر). کە بریتیە لەو پێکهاتانەی کە گۆرانی لەخۆی گرتوون، چونکە لەناو گۆرانی کوردیدا هەموو پێکهاتەکان بەزۆری لەخزمەت گۆرانیدان. ئەو هۆکارەی کەوای کرد ئەو بابەتە هەڵبژێرم ئەوەیە کە گۆرانی بەگشتی و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی بەتایبەتی بە ناسنامەی میللەتی کورد دادەنرێت. لێکۆڵینەوە لە بابەتی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی گرینگیەکی زۆری هەیە بۆ بەرەو پێشچونی ئاستی هەنەری کوردی ودەبێتە سەرچاوەیەکی بەسوود بۆ کۆلێژوو پەیمانگا موزیکیەکان. ئامانج لەو لێکۆڵینەوەیە شیکردنەوەو بەنۆتەکردنی بەشێك لەو گۆرانیە فۆلکلۆریانەی شاری هەولێرە لە ڕووی پێکهاتە سەرەکیەکانی وەك (فۆرم، میلۆدی، ڕیتم، شیعر). ئەو ڕێبازەی کە لەو لێکۆڵینەوەیە گیراوەتە بەر "چۆنایەتی وشیکاریە" کە تێیدا توێژەر تیشك دەخاتە سەر چەند لایەنێکی دیاری کراو لەو پێکهاتانەی کە لە گۆرانیدان کە سوود وەرگیراوە لەسەرچاوەی کتێب و گۆڤارو چاوپێکەوتن و سایتەکان.

### 1.2 گرفتی توێژینەوە:

میراتی فۆلکلۆری کوردی بەگشتی وگۆرانی (فۆلکلۆر) بەتایبەتی ڕووبەڕووی چەندین کێشەی جددی بووەتەوە. کە گرنگترینیان فەرامۆشکردن و ئەگەری لەدەستدان و لەناوچوون و شێواندن و دزیکردن بوەتەوە، بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی پێویست بۆ پاراستن و ئەرشیف کردنی بەشێوەیەکی زانستی سەردەم. بۆیە دەبێت پێکهاتەکانی شیبکرێنەوەو کۆبکرێتەوە و پۆلێن بکرێت و بپارێزرێت و بنووسرێنەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1.3 گرنگی توێژینەوە

گۆرانی فۆلكلۆری كوردی هەرناوچەیەك تایبەتمەندی و جیاوازی خۆی هەیە، لە ڕووی ناوچەی جوگرافی و داب و نەریتەوە. بۆیە لێكۆڵینەوەی زانستیانە دەبێتە بنەمایەكی گرینگ بۆ نیشاندان وپاراستن و ئەرشیفكردنی ئەو تایبەتمەندی و جیاوازیە ڕەنگینانەی گۆرانی فۆلكلۆری ئەو ناوچەیە. هەروەها ئەم لێكۆڵینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەكی بەسوود بۆ زانكۆو پەیمانگا موزیكیەكان.

## 1.4 ئامانجەكانی توێژینەوە

ئامانج لەو لێكۆڵینەوەیە ئەوەیە كە لایەنە شاراوەكانی ئەو پێكهاتانەی كە گۆرانی پێك دەهێنن بیان خەینە ڕوو بەشێوەیەكی زانستی سەردەم، وەكو (فۆرم ، میلۆدی ،ڕیتم وشیعر).

## 1.5 سنووری توێژینەوە

سنوری بابەتی: گۆرانی فۆلكلۆری كوردی

سنوری جوگرافی: شاری هەولێر/دەشتی هەولێر

## 1.6 پێناسەی چەمك و زاراوەكانی تایبەت بەتوێژینەوەكە

**پێكهاتە:** پێكهاتە پلانێكی گشتی و دانراوێكی گۆرانی وموزیكی پێكدەهێنێت. وە ئەم دانراوە پێك دێت لە كۆمەڵێك بنەمای گریینگی وەك میلۆدی وریتم و داینامیك و شیعر. دانەر دەتوانێ گۆرانیەكە یان پارچە موزیكەكە بە سود وەرگرتن لە فۆرمەكانی یەك بەشی (AAA) كە پێك دێت لە تەنیا ڕستەیەكی موزیكی و چەند جارێك دووبارە دەبێتەوە. یان دووبەشی(A, B)، سێ بەشی (A, B, A) یان هەر شێوەیەكی تر بۆ كارە هونەریەكی دابرێژێت (.Definition, 2000, 2 )

**گۆرانی:** "گۆرانی ئەو بەشەی موزیكە، كە بە دەنگی مرۆڤ دەوترێت، كۆمەلێك پێكهاتەی وەك: وشە، ڕیتم، ئاواز و دارشتنی هەیە. بەڵام ووشەكان بە سەرەكیترین پێكهاتەی گۆرانی دادەنرێت".( سەگرمە، چاوپێكەوتن،2016)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گۆرانی فۆلکلۆری کوردی: بریتیە لەو هەڵبەستێك کە ئاوازی بۆ دانرابێت، بەڵام نەهەڵبەستەکە دەزانرێت کێ دایناوەو نەئاوازەکەش. لەناو کۆمەڵێکی نەخوێندەواردا سەری هەڵداوە. هەروەها لەسەردەمێکی کۆندا ئەم گۆرانیە ووتراوە کە مێژووەکەی نادیارە ."(ئەحمەد،38،1982).

## 2 گۆرانی کوردی

### 2.1 کورتەیەك لەمێژووی شاری هەولێر

هەندێ لە زانایان هەولێر بەلانکەی مرۆڤایەتی دەزانن، چونکە ئەشکەوتی شانەدەر باشترین بەڵگەی مێژوویی مرۆڤە بەوپێیەی کە ئەشکەویتێکە لە جیهان گرنگی تایبەتی هەیە و کەوتووەتە نزیك شاری هەولێر. تەمەنی ئێسکبەندەکان کە بۆ 60 تا 65 هەزار ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە بەرێگەی زانستی سەلمێنراوە بەدرێژایی مێژوو.( موقیع الرسمی محافظة أربیل) وە عبدوالرەزاق حوسنی پێی وایە: ناوی شارەکە لە ئەربائیلۆوە وەرگیراوە، دواتر بە شێوەی ئەربیلا، اربیل، هەوریل، هەولێر گۆڕانکاری بەسەر داهێنراوە، کە لە سەرچاوە مێژووییەکان ئەم بۆچوونە بە نزیکترین بۆچوون لە ڕاستیەوە دەزانرێت.(قادر، 2008، 51-43) هەندێک لە مێژوونووسان شوێنپێی دروستکردنی شارەکە دەگەڕێننەوە بۆ (٥٠٠٠) پێنج هەزار ساڵ پێش زایین.( الجاوشلی، 1985، 18) "هەندێکی تر ئاماژەیە بۆ ( 4000) چوار هەزار ساڵ " (حداد، 1997، 107). بەڵام هەندێکیان میژووی شاری هەولێریش بۆ 6000 هەزار ساڵ پ.ز دەگەرێنێتەوە. لەوئینسایکلۆپیدیای ئینگلیزیدا هاتووە جگە لە باسی کورد و سۆمەریەکان لەو ناوچەیەدا ناوی هیچ میللەت و نەتەوەیەکیتری نەهێنراوە .( موقیع الرسمی محافظة أربیل،2021)  هەولێر دەکەوێتە نێوان ناوچەیەکی دەشتایی خواروو و ناوچەیەکی چیایی کە لە باکوری خۆرهەڵاتی دایە. شاری هەولێر دەکەوێتە قەراخی زنجیرە چیاکانی زاگرۆسەوە و شوێنەکەی لەسەر ناوچەیەکی دەشتاییدا هەڵکەوتووە، کە دەکەوێتە نێوان زێی گەورە و زێی بچووکەوە. (مەلا قادر، 2020، 10). لە ساڵی 1974 بۆیەکەمجار هەولێر وەك پایتەختی حوکمی زاتی کوردستان درایە قەڵەم. وە لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە دوای ساڵی 1991 بوو بە پایتەخی هەرێمی کوردستانی عێراق.(ئەبووبەکر، 2022، سایتی زانیاری) دەشتی هەولێر دەکەویتە رۆژهەڵاتی شاری هەولێر کە نزیکەی ( 10) کیلۆ مەتر لە سەنتەری شار دوورە ، ناحیەی کەسنەزان دەکەوێتەوە باکوری سەر رێگای

سەرەکی کۆیە وە ناحیەی دارەتوو دەکەوێتە باشوری و ناحیەی قوشتەپەش دەکەوێتە باشوری رۆژ ئاوای و هاوسنوورە لە گەڵ قەزاکانی ( کۆیە ، شەقڵاوە ، ناوەندی هەولێر ، مەخمور ، خەبات ) . ڕووبەرکەی نزیکەی 400کم2 دەبێت.(غەفور، 2009، 43)

## 2.2 کورتەیەك لە مێژووی گۆرانی کوردی

گۆرانی وموزیك، وەك دووانەیەکی لێکدانەبڕاو، کەچی تەمەنی گۆرانی لەلای مرۆڤ، کە بەتەنیا هەر بەقورگ ووتراوە لە موزیك لەپێشترە. زووتر سەری هەڵداوەو چەکەرەی کردووە. هەرلەم بارەیەوە "کۆرت زاکس" دەڵێت: (گۆرانی لەچاوئامێرەکانی موزیکدا، کۆنترو لەپێشترە، چونکە ئەو گەلانەی زۆریش دواکەوتوون و بەبێ ئەوەش شتێك لەبارەی موزیکەوە بزانن، کەچی خاوەنی گۆرانی خۆیانن). سەبارەت بەمێژووی لەدایك بوونی گۆرانی کوردی، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەستەم وسەختە. مێژووی گۆرانی وکەلەپوری کورد پەیوەستە بە ڕیشەی مێژووی کوردەوە. (حەمەباقی،2009: 61-62).
"ڕەسەنایەتی گۆرانی کوردی مۆرکێکی زۆر تایبەتەو دوورە لە کارتێکردنی مۆرکی میللەتانی تر. لاوك وحەیران کەلە گۆرانی کوردیدا دوو فۆڕمی زۆر تایبەتن. هەربۆیەش بۆگەیاندنی وێنەیەکی زیندوو بۆ بیرو هزری خوێنەر، گۆرانی کوردی وا وەسف کراوە: کە دەربڕینێکی ئەفسوناوییەو زۆربەی کات بێ وێنەو بێ چیرۆك دروست نابێت، هەردەم دەرەنجامی ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەبێتە هەوێنی دروست بوونی گۆرانیەك (بەرزنجی،2010: 23). هەر لەبارەی گۆرانی و موزیکی کوردیەوە، میستەر راڵف دەڵێت: " گۆرانی کوردی، نەك تەنیا فۆلکلۆری کوردی پاراستووە، بەڵکو زیاتریش توانیویەتی خۆی لە کارتێکردنی ئاوازی بێگانە بپارێزێ" (نەسروڵلاپوور،2007: 16).گۆرانی کوردیش وەك ئەوەی کە لەمێژووی کۆنەوە تا ئێستا کە هەیە بەسەر سێ ئاست دابەش بووە. بەپێی ئەو گۆڕانکاری و سەردەمە جیاوازانەی کە گوزەری تێدا کردووە. ئەوانیش پێکدێن لە :

### 2.2.1 گۆرانی فۆلکلۆر: "

بەپێی پێناسەی گەورە موزیسەنی هەنگاری (بیلا بارتۆك) گۆرانی فۆلکلۆر بریتیە لەو: (گۆرانیەی کە لەنێو کۆمەڵێکی زۆری خەڵکدا بوونی هەیە و بۆماوەیەکی زۆروزەوندیش لە نێوانیاندا دەمێنێتەوە)"

(عەلی،2010: 13-14). وە دەتوانین دیارترین خاسیەتی فۆلكلۆر بەوە جیا بكەینەوە، كە خاوەنەكەی دیار نیە، بەو واتایەی بۆتە موڵكی گەل. گۆرانی فۆلكلۆر یەكێكە لە پایەكانی فۆلكلۆر، ئاوازو شیعرە . موزيك لەسەر بنەمای بیستن دەوترێت نەک لەسەر نۆتی نووسراو. بنەچەی زۆربەی نادیارە و پەیوەندی بە خەڵكەوە هەیە و لەناو نەخوێندەوار و خەڵكی ئاساییدا بڵاوبووەتەوە لە لایەن خەڵكی لادێ، لە ڕێگەی گێڕانەوەی زارەكییەوە دەیگوازنەوە بەبێ ئەوەی پێویست بە نووسین یان چاپ بكات، هەمیشە بە گروپ یان بە تاک دەیڵێنەوە و ئەوەش بۆ مەبەستی كات بەسەربردن ، یان لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە كارێک یان ڕێوڕەسمێكی كۆمەڵایەتی تایبەتەوە هەیە یان بۆنەكان، وەک گۆرانی كار و ئاهەنگی هاوسەرگیری و منداڵان.(عبدالحكيم، 1982،69)

### 2.2.2 گۆرانی میللی:

"گۆرانی میللی لە نێوشاردا سەرهەڵدەداو، چینێکی ناوەڕاستی نێوان جوتیارانی دێهات و بۆرژواكان چێژی لێ وەردەگرن و لە ژێر تەئسیری فۆلكلۆری خۆمانەو گۆرانی بێگانەدایە. ئاوازەكانیشی سەرباری تەختی (شەرقی)و فۆلكلۆری هەندێ ئامرازیی ئەوروپایی وەكو: (كلانێت، ئۆكۆڕدیۆن، ساكسیفۆن) لەگەڵ دایەو سوكە جیاوازیەكی لەگەڵ گۆرانی چینی پەرەسەندووی بۆرژوادا هەیە".(زامدار،1980، 59) هەروەها گۆرانی باو ئەو گۆرانییەیە كە پەیوەندی بە شوێن و ژینگە و كۆمەڵە مرۆڤەوە هەیە وەک خەڵكی دەشت وگوندەكان. هەروەها لە لایەن كەسانی ناو كۆمەڵگەی جەماوەرییەوە دەخولێتەوە و لە بۆنە كۆمەڵایەتییەكانی خۆیان كە بە میرات بۆی ماوەتەوە. گۆرانی باو ڕەنگی خۆی وەردەگرێت بە پشت بەستن بەو هەرێمەی تێیدا دەردەكەوێت (موقع التراث العربی، 2020).

### 2.2.3 گۆرانی هاوچەرخ (دانراو):

شوێنی لە نێو شار دایە، دانەرەكەی دیارە، بەشێوەی ئەكادیمی دانراوە. بەڵام تەمەنی لە گۆرانی و موزیكی فۆلكلۆر كورترە، زۆر خێرا بڵاو دەبێتەوە و بە خێرایش وون دەبێ.(زامدار، 1980، 59) هەروەها " ئەم جۆرە گۆرانیە دانەرەكەی لە نێو شاردایە و دەناسرێت، زۆرجار بە نۆتەی موزيك دەنوسرێت و ئاستەكەی بە توانای دانەرەكەوە بەندە. لەوانەیە بۆ ماوەیەكی كورت دەركەوێت و بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خێرایی وون بێت، بە پێچەوانەی گۆرانی فۆلکلۆری کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە ناو خەڵکدا دەمێنێتەوە. (bartok.Lord, 1951, 19).

## 2.3 گۆرانی فۆلکلۆری کوردی

فۆلکلۆر بەگشتی و گۆرانی و موزیك بەتایبەتی بۆگەلی کورد بەسەرچاوەی ناسنامەی نەتەوەیی دادەنرێت و ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت. حەنیف یوسف بۆ تیشک خستنە سەر ئەم ڕۆڵە دەڵێت: "فۆڵکلۆر هەڵگری سەرەکی مێژووی گەلی کورد و بیرەوەری گەلی کورد و خەزێنەی مێژووە تراژیدییەکەیەتی و پاسەوانی شوناسە نەتەوەییە جیاوازەکەیەتی" . (نیکتین، 2007، 10) "گۆرانی لەناو ئەدەبی فۆلکلۆردا جێگەیەکی گرینگی هەیە، هاوشانی ئادەمیزادە لە بێشکەوە تا ژێرخاك، هاوڕێی ژیانیەتی و هاوبەشی ئیشکردنیەتی .(شەریف، 2020، 249 ) "لەناو فۆلکلۆری کوردیدا (گۆرانی) بە دەوڵەمەندترین بەش ئەژمێردرێت لە ڕووی زۆری بڵاوبوونەوە، هۆی ئەمەش تەنیا ئەوە نیە کە ئەدەبیاتی نوسراو نەختێك درەنگ لە ناو کوردا پەیدا بوو‌بێت. بەڵکو ژیانی کوردو وێنەی جیاوازی گۆڕینی زوو بەزوو لەم وێنەیەدا بونەتە هۆی ئەو دەوڵەمەندیە، هەروەك بوونی چەند دیالێکتێك هێندەی تر دەوڵەمەندی کردووە. هەروەها باری تایبەتی وای کردووە کە بەشی زۆری ئەدەبی میللی بەناوی خاوەنەکەیەوە بڵاونەبێتەوەو دەماودەم وپشتاوپشت بمێنێتەوە، بچێتە سەر گەنجینەی فۆلکلۆرمان" گۆرانیە فۆلکلۆریە کوردیەکان زۆرجا بەکۆمەڵ دەوترێن، ئەو گۆرانیانەش لەڕێی گێڕانەوەی پشتاوپشت بۆمان ماوەتەوە. ئەگەر کاری بەکۆمەڵی بە شەقڵێکی فۆلکلۆری دابنرێت، ئەوا ئەم کۆمەڵیە لەنێو گۆرانیە کارەکاندا زۆربەڕوونی دیارە بەتایبەتی لە فۆلکلۆری کوردیدا. وەئەو گۆرانیانەی کەتا ئێستا لەنێو خەڵکدا بەشێوەیەکی زیندوو مابێتەوە لەکاتی ئیشکردندا ئەوا (گۆرانی درووێنە)یە. هەروەها گۆرانیە ئاینیەکانیش کە مێژوویان زۆر کۆنە بەکۆمەڵ دەوترێنەوە. وەبەکۆنتر دادەنێن لە گۆرانی کار. وە نموونەی گۆرانیش هەیە کە لەکاتی ئیشکردندا بەتەنیا دەوترێت کە ئەویش (گۆرانی شوان) کارەیە. (ڕەسول، 1970، 10) هەرلەبارەی گۆرانی وئاوازی فۆلکلۆرو میللی کوردیەوە O.Blau دەڵێ: "هەژارترین عەشرەتی کورد، دەوڵەمەندترین عەشرەتە لە ڕووی ئاوازو گۆرانیەوە. ئەمە تەنیا لەنێو عەشرەتە کۆچەرەکاندا نیە، بەڵکو لەناو عەشرەتە نیشتەجێکانی کوردیش دا هەیە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(خەزنەدار، 1989، 16) مێژوونوسان وفۆلکلۆریستەکان دەڵێن گەلی کورد نەك هەر خاوەن سامانێکی زەنگینە لە ڕووی فۆلکلۆرەوە، بەڵکو کاریگەریشی هەبووە لەسەر کەلتوری میللەتانی تر لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستادا. ڕۆژهەڵاتناس ن. یا .مارر دەڵێ "خێڵەکانی کورد لەپێگەیاندنی ئاسیای بچووك ولە سازکردنی کەلتورێکی بەنرخ لەمێژووی میللەتانی قەفقاسدا ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوەو تا ئەمرۆش لە بینینی ئەو ڕۆڵەدا هەربەردەوامن. (شەورۆ، 1989، 18)

گۆرانی کەلەپوری کوردیش بەشێوەیەکی گشتی ئەم خاسیەتانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت :

- خاوەنی نادیارەو گەل بووە بەخاوەنی.
- گوزارشت لە بارودۆخی ژیانی گەلی کورد دەکات ومۆرکی کۆمەڵایەتی وجوگرافیای ئەو ناوچەیەی پێوە دیارە.
- ئامێرە موزیکیە کوردیەکان بەکاردەهێنرێت لەکاتی جێبەجێ کردنیاندا وەك (شمشاڵ، باڵەبان، زۆڕنا، دەف، دەهۆڵ، ساز، سەنتور).
- گۆرانیبێژ بەپێی شێوازی میللی خۆی دەیڵێت. وە بەپێی توانایی خودی پارچەی دیکە بۆ ئاوازودەقی گۆرانیەکە زیاد دەکات یان کەمی دەکات.(سەگرمە، 2003، 25)

### 2.3.1 جۆرو پۆلێنەکانی گۆرانی کوردی

پۆلێنکردنی گۆرانی کوردی بە کەرەستەو  سەرەتایەکی زۆر گرینگ دادەنرێت بۆ پاراستنی گۆرانی فۆلکلۆری و میللی کوردی. وە ئەو هەنگاوە دەبێتە دەسپێکێك بۆ کۆکردنەوەو پاراستنی لە لەناو چوون. بۆیە زۆرێك لە فۆلکلۆریستەکان لە هەوڵی کۆکردنەوەو شیکردنەوەو پۆلێنکردی گۆرانی فۆلکلۆری ناوەستن. چونکە بەبەردی بناغەی ژیان وشارستانیەت لە قەڵەمی ئەدەن، هەروەها بەناسنامەی میللەتی دادەنێن.

گەر پۆلێنکردنی گۆرانی کوردی بە پێی هەر پێوەرێکی وەك پێوەرەکانی ( دەق، هەمەڕەنگی جوگرافیای ناوچەکانی کوردستان، ژمارەی گۆرانیبێژان، هەڵپەڕکێ) ئەوا بایەخ و گرینگی لە دوو خاڵدا دەردەکەوێ:

- ئەرشیفکردنی گۆرانیەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- ئاستی پەیوەندی نێوان پۆل وجۆری گۆرانیەکان ڕووندەکاتەوە. (سەگرمە، 2003، 15ـ16)

نورەدین ساڵەیی گۆرانی کوردی دەکات بەچەند بەشێکەوە وەك: (گۆرانی، بەیت، لاوك، دیلۆك، لاژا، باریتی، حەیران، قەتار) هەروەها بەپێی باری گوتن و لەبەر ڕۆشنایی مەرجەکانی کۆمەڵایەتیش ساڵەیی بەم جۆرە دابەشی ئەکات.

1. گۆرانی کار: کە بریتی یە لە( دروێنە، بێریاتی، دارەوانی، کاروان، شوانکاری، کاسبکاری).
2. گۆرانی بۆنەکان: (گۆرانی بووك گواستنەوە (سەماو چۆپی، شەوارەگرتن)، گۆرانی پرسەو تازیمانە ، گۆرانی ئاینی).
3. گۆرانی ڕۆژانە: پێك دێن لە: (گۆرانی منداڵانە، گۆرانی لایلایە، گۆرانی دڵداری کە لاوك حەیران، بەستە دەگرێتەوە، گۆرانی سیاسی).
4. گۆرانیە ئازادەکان. (موزیکی شارەکی ومیللی، گۆرانی تازە) دەگرێتەوە.

هەروەها (عوسمان شارباژێری) جۆرەکانی گۆرانی کوردی بەم چەشنە دابەش دەکات "گۆرانی کار، گۆرانی شوان، گۆرانی جوتیارە گۆرانی ئاهەنگ، گۆرانی بێری، گۆرانی سووك، گۆرانی هێمنو خاو، گۆرانی دامرکاندنەوە، گۆرانی لایلایە، گۆرانی منداڵانە، گۆرانی دڵداری، گۆرانی نیشتیمانی، گۆرانی گاڵتەو گەپ". (زامدار، 1980، 53ـ54)

ژمارەیەکی تر لە توێژەران هەوڵی ئەوەیان داوە گۆرانی کوردی بە پێی پێوەری ژمارەی گۆرانیبێژان پۆلێن بکەن. یەکێك لەوانە توێژەری ژاپۆنی (ئایاکۆ تاتسۆمۆرا) یە کە گۆرانی کوردی بۆسەر دوو پۆل دابەش دەکات.

1. یەکقۆڵی : ئەو گۆرانیانە دەگرێتەوە کە تەنیا لە لایەن یەك گۆرانیبێژەوە بەجێدەهێنرێت.
2. دوو قۆڵی : ئەو گۆرانیانە دەگرێتەوە کە دوو گۆرانیبێژ بەنۆرە بەجێی دەهێنن.(تاتسۆمۆرا، 1989، 152ـ155)

بۆ ئەوەی ئەو گۆرانیانە کە پۆلێن کراوون بەشێوەیەکی یاسایی گونجاو ڕێکبخرێن. وە هەموو ئەو هەڵانەی پێشووتر یەکبخات وبەکارهێنانیشیان ئاسان بێت. پێویستە لە سەرەتادا گۆرانی کەلەپوریی (Folkloric Song) لە گۆرانی دانراو(Composed song) جیابکرێتەوە، پێویستە گۆرانی کوردی بە شێوەیەکی گشتی بکرێت بە دوو پۆلێ سەرەکی (کەلەپوور ودانراو). گۆرانی کەلەپوری کوردیش

لە ڕووی ڕیتمەوە دابەش دەبێت بەسەر دوو پۆلەوە کە ئەوانیش گۆرانی کێشدار (Measured song) و گۆرانی بێکێشن (Adlibitum Song). گۆرانی دانراوی کوردیش دەکرێت بە دوو پۆل کە بریتین لە (گۆرانی هونەری) و(گۆرانی گەل). (سەگرمە،2003، 23ـ30) هەروەها توێژەر پۆلێنەکەی عەبدوڵا جەمال سەگرمە، لە هەموویان بەزانستیترو باشتر دەزانێت وەك لە پۆلێنەکانی تر.

## 2.4 پێهاتەکانی گۆرانی کوردی

گۆرانی یەکێکە لە کۆنترین فۆڕمەکانی خۆدەربڕینی مرۆڤایەتی. زانایان لەم دواییانەدا "ناوەندێکی موزیك"یان لە مێشکماندا دۆزیەوە، کە وامان لێدەکات کاردانەوەمان هەبێت بەرامبەر بە گۆرانی وموزیك و بە هەمان شێوەی کاردانەوەمان بەرامبەر بە هاندەرەکانی تری چێژبەخشین کە پێکهاتەی گۆرانی پێکدەهێنن ولەگەڵمان دەمێننەوە. پێکهاتەی گۆرانی ئاماژەیە بۆ چۆنیەتی ڕێکخستنی گۆرانییەک، بە بەکارهێنانی تێکەڵەیەک لە بەشە جیاوازەکان. پێکهاتە گشتیەکەی گۆرانییەکی ئاسایی پێك دێت لە (میلۆدی، ڕیتم، هۆنراوە، هارمۆنی، داینامیك، فۆرم). (ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی، structer song، 2021)

### 2.4.1 فۆڕم (Form)

فۆڕم Form یان (بۆتە)، ئەو پارچە موزیکانە دەگرێتەوە، کە لە سەر بنەماو ڕێبازێکی موزیکی دیایکراودا دەنوسرێن. دەکرێت بڵێن ئەم ڕێزمانە موزیکیە دیاریکراوە وەك زانستێکی ئەندازەکاری و نەخشەسازی وایە، بۆ بنیادنانی هەریەك لە بۆتە موزیکیەکان. زۆرجاریش بۆتە موزیکیەکان شێوازێکی گۆرانی ئامێزیان هەیە. (فەرەج، 2005، 23)

فۆڕمە موزیکیەکان زۆر لق وپۆپی لێدەبێتەوە بەڵام ئەوەی گرینگ بێت بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە بۆتەی گۆرانی ئامێزەکانن (لیریکی) کەدەبن بەدوو بەش.

1. فۆڕمی گۆرانی ئاینی (Religious songs): بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم ئەو گۆرانیانە دەگرێتەوە کە لە بابەتێکی ئاینیدا بەرجەستە دەبن لە سەرەتاکاندا لە کڵێساکان وشوێنە پیرۆزەکان نمایش دەکران. کە بریتین لە (مۆتیت، ماس، سودەگریگۆریەکان، ئۆراتۆریۆ).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. فۆڕمی گۆرانی دنیایی (Secular song) : موزیکی دنیایی، بە شێوەیەکی فراوان، هەر ئاوازێکە کە سروشتی ئایینی نەبێت. وە ئەو مزیکە دەگرێتەوە کە هەڵگری بابەتێکی ئاسایی رۆژانە بێت نەوەك کاروباری رۆح یان ئایین. زاراوەی "عەلمانی" لە وشەی لاتینی saeculum وەرگیراوە، هەندوێکیان لەڕووی دارشتن وپێکهاتەوە بۆتەیەکی ساکاریان هەیە. هەندێکیشیان هەڵگری ناوەرۆك وپێکهاتەیەکی بەرزی هونەرین. (hanson,2022) ئەمانیش دەکرێن بەچەند بەشێکەوە وەکو (گۆرانی میللی، مادریگال،ئاریا، ئایردی کۆر، ئۆپێرا، ئۆپەرێت، کۆراڵ). "گۆرانی میللیش ڕەنگە ساکارترین شێوازی هونەری گۆرانی بێت، وە لەهەمانکاتدا لەڕووی موزیکۆلۆژیەوە گرینگیەکی تایبەتی هەیە، بنەما سەرەکیەکانی هەموو میللەتانی دنیا لەسەر شرۆڤەکردنی ئەم جۆرە گۆرانیە دێتە ناساندن ودەکرێت ڕاستەوخۆ پێناسەیەکی ڕوون وترادسیۆن وکەلتوری میللەتان لەناوەڕۆکی ئەم جۆرە گۆرانیەدا ببینینەوە." لەڕووی دارشتنەوە گۆرانیە میللیەکان زیاتر لەگەڵ هەردوو فۆرمەکانی (یەك بەشی) و(دووبەشی) کاری لەگەڵ دەکرێت. (فەرەج، 2995، 113)

### 2.4.2 ئاواز (Melody)

میلۆدی، یەکێکە لەو سێ زانستە سەرەکییەی کە موزیك لە کۆکراوەی دەنگ و لێدانەکان، شان بە شانی هارمۆنی و ڕیتم دروست دەکات. ڕەنگە ئاسانترین لایەنی ناسراو بێت بۆ موزیك، ئەگەر کەسێک بە هەرەمەکی داوای کردیت گۆرانیەك یان موزیکێك دروست بکەیت، لەوانەیە سەرەتا ئاوازێک بەرهەم بهێنی. (chase، 2020، سایت). مێلۆدی، لە موزیکدا، بەرهەمی جوانی زنجیرەیەکی تایبەتی تۆنەکانە لە کاتی دروست بوونی پارچەك لە ئاواز، کە ئاماژەیە بۆ جووڵەیەکی ڕیتمیکی ڕێکخراو لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر.( ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی، britanica، 2021) یان بریتیە لە کۆمەڵێک نۆتەی موزیکی ڕێکخراوی یەک لە دوای یەک کە بەگشتی ڕیتمێکی تایبەتمەند و شێوەی موزیکیان هەیە. کەبەیەکەوە مێلۆدیەکی مانا بەخش دروست دەکەن، بەتەنیا هەردەنگێك مانا نادەن. میلۆدی دوو فاکتەری سەرەکی لەخۆدەگرێت مەودای نێوان تۆنەکان لەگەل ماوەی خایاتدنی هە نۆتەیەك.(Ammer، 2004، 237) میلۆدی زنجیرە چینێکی سادەیە لەسەر هێڵەکانی موزیکی ڕێکدەخرێت.(Baxter، 2008، 22)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میلۆدی کە بریتیە لەکۆمەڵە دەنگێکی ڕێکخراوی یەکدوای یەکتر. کەواتە ئەوکۆمەڵە دەنگە پێکەوە سکێڵەکی موزیکی دروست دەکەن، کە لەڕۆژهەڵات بەگشتی زۆرجا پێی دەڵێن (مەقام). کە بەڕای عەبدوڵا جەمال ووشەی مەقام بەکارنەهێنرێت باشترە، چونکە موزیسانەکانی عەرەب خۆشیان هاوڕانین لەسەری.

### 2.4.3 ریتم (Rythem)

#### 2.4.3.1 کورتەیەك لە مێژووی ڕیتم

لەمێژووی مرۆڤایەتی هەرلەسەرەتاوە مرۆڤ سەرەتا قورگی بەکارهێناوە بۆ دەربڕینە دەنگیەکانی. کە بەیەکەم ئامێری موزیك دادەنرێت. وە دەستیش یەکەم ڕێباز بووە بۆ دەربڕینی ڕەزمەکان. لەدوای تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ بەسەر شارستانیەتی مرۆڤایەتی، ئیتر ووردە ووردە مرۆڤ درکی بەو شتانەی چواردەوری کردووە. ویستویەتی بۆ دەربڕین لە شتەکانی ناخیەوە چ لەڕێی دەنگ، یا لەڕێی پیاکێشان بە ئامرازەکان هەستی خۆی دەرببڕێت. بۆیە پێستی ئاژەڵی ووشك کراوەیان بەکار هێناوە، لەبنە دارە کلۆرەکانیان بەستۆتەوە، بەکوتك دەنگیان لێوە دەهێنا، کە زۆرجا بۆ ئامرازی ئاگادار کردنەوە بەکار هاتووە. ئیتر ئەمە بووە یەکەی (وحدة) ڕەزمەکانی ئەوکات و یەکەم نیشانە بۆ تێگەیشتن لە نێو هۆزەکاندا.ئەمە تا ئێستاش لەناو ئەو هۆزانەی کە لەشارستانیەتەوە دوورن ماوەتەوە (کۆیی،1998: 9-10). بێگومان ڕیتم هەر لەسەرەتای دروست بوونی دونیاوە هەبووە، بەو پێیەی کە هەموو هەسارەکان وخولانەوەیان بەدەوری یەك بەهەمان ڕیتم. دەتوانین بڵێین کە ڕیتم لەهەموو پێکهاتەیەکی ژیاندا بوونی هەیە.

#### 2.4.3.2 بەکارهێنای ڕیتم لەنێو گەلی کوردا

کورد وەك و هەریەك لەگەلانی تری جیهان و ناوچەکە، خاوەنی ئامێری موزیکی تایبەت بەخۆیەتی. ئەو سروشتەی کە لە کوردوستاندا خوڵقاوە، بووەتە سەرچاوەی ئیلهام وجوانکاری لە دروستکردنی چەندین ئامێری جیاواز. چونکە خاکی کوردستان دەوڵەمەندە بەو کەرستانە. مێژوو نوسانی ڕۆژهەڵات دەڵێن: "کوردەکان لە ژن هێنان زەماوەند سازدەکەن وبە ئاوازی (دەهۆڵ) و(زوڕنا) شایی دەکەن و ژن

وپیاو، کوڕوکچ دەستی یەکتری دەگرن وهەڵدەپەڕن" (کۆیی،1998، 16-17). شاعیرانی کوردیش لە شیعرەکانیاندا ناوی ئامێرەکانیا بردووە، کەیەکێ لەوانە ئامێری ڕیتمین. شاعیر مەولەوی لە شیعرەکانیدا 19 جا ناوی دەفی بردووە، 2 جار ناوی تەپڵی بردووە.وەگۆرانی شاعیریش ناوی دەهۆڵی بە 2 جار بردووە (مەلاساڵح، 2014، 163-165) هەر سەبارەت بە ئامێری ریتمی کوردی شێخ ئەحمەدی سابیری دەڵێت:

چەرخی کۆن پیری کردم تازە ئیکرامم ئەکا

ساقی ومەی، موترب وچەنگ ورەباب ونای و(دەف) (کاکەیی،2006، 8)

لەنێو کوردا چەندین جۆری ڕیتم هەیە کەناوی تایبەتیان بۆدانراوە لە نێو ئاهەنگەکانی شایی و هەڵپەرکێ وداوەت وەك: ( گۆڤەند، سێ پێ یی، گەڕیان، گوڵشێنی، میرانی، دەنانێ، شێخانی، بابلەکان، زێباری، ، سەنگین سەما، ڕەورەو، چەمەری، زۆزانی، شانەشکی، سوسکەیی، رۆیینە، شێخانی ژنانە، شیرنێ لەیلانێ، میرۆیی،ئایشۆکێ،بێلاتی،...هتد)(زامدار،1980،45) " لەنێو ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کودیشدا زۆرجار ناوی ئەو ئامێرانە هاتوون وەکو دەڵێن: (دەنگی "دەهۆڵ" لەدوور خۆشە) یان (بەسۆز سازان ناڵەی چەنگ و "دەف" ) . (کۆیی، 1988، 23) ئەلبێرت عیسا لەبارەی ڕیتمی کوردی دەڵێت : "مۆسیقای کوردی خاسیەتی خێرایی وسووکی وبازدان وهەڵقوڵین وچالاکی وبەردەوامی پێوەیە، کەجۆرە سەمایەکی زیندوو سازدەکات وهەموو لەشی مرۆڤ، بەجوڵانەوەیەکی چالاکانەی نەپچڕاو دەجوڵێنێ وحەسانەوەیەکی دەرونی وهەست بەبەرچاوڕوونی ژیان دەبەخشێ، کەچاکترین نموونەیشی لەو ئاوازانەدا بەدی ئەکەین کە کێشی 2/4 ، 10/16 ، Allegro 12/16 ". ( زامدار، 1980، 112)

### 2.4.4 شیعر

"شیعر یەکەیەکی گرینگی گۆرانیە. تێگەیشتن لەبەهای شیعر، لەچەمکی شیعر، لە جوانیەکانی شیعر هۆکارێکە بۆ بەرز ڕاگرتنی بەشێکی گەورەی گۆرانی" (عەبدوڵا،2008: 171) . شیعر و گۆرانی لە یەك سەرچاوەوە دەستی پێکردووە. ئەگەر نموونەیەك لە شیعرێکی نالی یاخود جزیری یاخود هێمن بهێنینەوە دەبێ چەند ئاوازی بۆ گۆرانی لەخۆ گرتبێ، بە ئەزموونیش دەرکەوتووە، چەندان ئاوازی

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەخۆگرتووە. کەواتە پرۆسەیەك هەیە، ئێمە لە هەناوی شیعرەکاندا ڕۆژ بە ڕۆژ ئاوازی نوێ دەدۆزینەوە. (بێلاف، 2022، چاوپێکەوتن) شیعر، بەردی بناغەی بنیاتنانی گۆرانییە، هەروەها یەکەم کەرەستەیە بۆ دروست بوون و بەرهەمهێنانی گۆرانی، نەک بۆ گۆرانی کوردی، بەڵکو بۆ گۆرانی هەموو زمانی نەتەوەکانی دیکەش هەر ڕاستە.(خامۆش، 2022، چاوپێکەوتن).

بەگشتی گۆرانی لە دوو توخم پێکدێت، ئاواز وەک لایەنی یەکەم و شیعر وەک لایەنی دووەم. شیعر بەشدارییەکی بەرچاویان لە خودی گۆرانیدا هەیە هەرچەندە وەک توخمێکی دووەمی گۆرانیەکان بەشداری دەکات. شیعرەکان تێگەیشتنێکی قووڵ بە بینەر دەبەخشن سەبارەت بەو پەیامەی کە لە گۆرانییەکەدا هاتووە، بە واتایەکی تر ئەو پەیامە ڕوون دەکەنەوە کە لە گۆرانییەکەدا هاتووە.( Firdaus، 2013، 100) هۆنراوەی کوردیش بەشێوەیەکی گشتی چەند بەشێك دەگرێتەوە کە پێك دێن لە هۆنراوەکانی "لایلایە، یاری مندالان، لاواندنەوە، دلداری، پیاهەڵدان، دەمەتەقێ، پەخشان، گاڵتەبازی وزەم، پەند، ئاینی، کەش، مەتەڵ". (کۆمەڵە نوسەرێك، 2009، 25-31)هەموو ئەوجۆرانە لەشیعر ڕەنگی داوەتەوە لەنێو شاعیرانی کوردا. بەشێکی زۆریشیان کراون بەگۆرانی. هۆنراوەی کوردی بڕبڕەی پشتی گۆرانی کوردیە ئەم گۆرانیانە لەگەڵ ژیانی گەلی کورد سەری هەڵداوەو هەر هۆنراوەیەکی گۆرانیش پێکدێت لە دێرێك یاخود دوونیوە دێر. نیوە دێری یەکەم مانای تەواو نادات بەدەستەوە تاوەکو نیوە دێری دووەمی لەگەڵدا نەبێت (حەمەباقی، 2011، 41) وەك: دەف ئاســا بەوســۆزناڵ وســەداوە

روو ئەو یاران بوو پشت ئەو دماوە

یانیش بریتیە لە سێ نیوە دێر. یاخود چوار نیوە دێرەو لەشێوەی چوارین دایە کە لێرەدا نیوە دێری یەکەم ودووەم وچوارەم (سەروا) یان یەکە وە دێری سێهەم جیاوازە. یان هەمویان سەروایان وەکو یەکە.(شەریف، 1974، 64) وەك ئەو دوو نموونە شیعرەی خوارەوە

| | |
|---|---|
| ماڵمان ئەوبەر ئەوبەرە | بمنێ لــە قـــــەڵات قەڵا دەرمێنـــم |
| کێ منی کوشت ئەو دولبەرە | بمنێ لەشووشە شووشە دەشکێنم |
| بەدەم جنێوم پێدەدا | بمدەی بەپیـــران خـــۆم دەخنکێنـــم |

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەچاو پێم دەڵێ وەرە                    بمدەی (بەجاحێڵ) خۆم دەخەملێنم

گۆرانی کوردی لە ڕووی کێشەوە زۆربەیان (هیجای) خۆماڵین. واتە زۆربەی هیجاکان لەگۆرانی پەیوەندیەکی بەهێزیان لەگەڵ سوکی وقورسی شیعرەکە هەیە، لەوکاتەی لەگەڵ ئاواز یەك ئەگرێ، زۆربەیان بەکێشی حەوت، هەشت، نۆ هیجایی نەتەوەیی هەڵبەستراون وئاوازیش لەناو تیپەکاندا تواوەتەوە.(خەزنەدار، 1962، 3)یەکێك لەونموونانەی خوارەوە کە لە شیعری شاعیر (گۆران)ە کەلە حەوت برگە پێك دێن لە شێوەی (2 + 5) وەك :        ئـەم/یان/ ئا/ وا/ زەی/ شـا/ دی  (2 + 5)

ئەو/یان / نوو/ زەی/ بەر/ با/ دی   (2 + 5)

نموونەی گۆرانیە فۆلكلۆریەکان زۆرن کە شیعرەکانیان بەشێوازی عەروزی عەرەبی نوسراون وەك ئەو نموونەی خوارەوە کە دەڵێت:(شێخانی، 1990، 16)

کا/ کە/ برۆ/ نە/ شە/ ما/ ری/ دە/ مەك/ دێ/ دە/ مەك/ نا/ یێ

دە/ دا/ لە/ گورین/ گی/ تۆ/ ڕێ/ گوا/ رەی/ هی/ نا/ سە/ ما/ یێ

### 2.6 شیکردنەوەی نموونەکانی توێژینەوەکە

### 2.6.1 نموونەی یەکەم گۆرانی (بایێ شەمار)

ئاوازو هۆنراوەی : فۆلكلۆر



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فۆرم (Form) :

فۆرمی پێکهاتەکەی (یەك بەشی یە). ڕستەی یەکەم($A_a$ ) دەست پێدەکات لە خانەی ( 1 تاوەکو 4) کە بەشێوەی ووتنی بەکۆمەڵ (کۆرس) دەوترێت و دووبارە دەبێتەوە بەدوو نیوەدێری جیاواز. ڕستەی دووەم ($A_b$) دەست پێدەکات لە خانەکانی (5ـ6 و 9ـ 10) کە پێك دێت لە چوار خانە کە گۆرانی بێژ بەشێوەی سۆلۆ ئەدای دەکات، بەڵام لە دوای خانەکانی 5ـ6 وە 9ـ 10 کۆرس دەست پێدەکاتەوە بەنیوە دێری (یاڵلا هەرکەی بایێ شەمار) لە خانەکانی (7ـ8 لەگەڵ 11ـ 12). ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی گۆرانیە فۆلکلۆریە کارەکانی دەشتی هەولێر کە زۆرجار بەکۆمەڵ دەوترێنەوە.

میلۆدی (Melody)

پێکهاتەی پەیژەی گۆرانیەکە (عەجەم لەسەر لا) کە نۆتەکانی بەشێوەیەکی ئۆکتاف پێك دێن لە (لا ـ سی ـ دۆ# ـ ڕێ ـ می ـ فا# ـ صۆڵ# ـ لا).

میانەی نێوان Acoustic Space پێکدێت لە نزمترین دەنگ (لا$^4$) و بەرزترینیش دەنگی (دۆ$^5$) کەمەودای دەنگی نێوان هەردوو تۆنەکە. میانەکی سێی گەورەیە (3 . گ).



خشتەی میانەکان لەگۆرانی (بایێ شەمار) کە کۆی میانە هەنگاوەکان دەکاتە 50 میانە. وە میانە بازەکان 1 میانەیە، کەوایە کۆی گشتی میانەکان دەبێتە (51) میانە.

| Major $3^{nd}$ Interval گ . 3 | Major $2^{nd}$ Interval گ . 2 | 1. هـ |
|---|---|---|
| 1 ↑ | 17 ↑ | 14 |
| | 19 ↓ | |

ڕیتم (Rythem) : پێکهاتەی ڕیتمی پێك دێت لە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

a. کێشی (Time signature) 




b. خێرایی کێش Speed : (Adagio) ♩. =65

c. لە پێکهاتەی بەشەکانی ناوەوەی یەکەی (نوارٍ و کرۆش و دەبڵ کرۆش) ی بەکارهاتووە.

d. ئەم شێوە ڕیتمانەی ناوەوە لەنێو گۆرانیەکە بەکارهاتووە Rhythmic Forms:



ڕیتمی نیو گۆرانیەکە تاك ڕیتمە، پەیوەندی نێوان میلۆدی و ڕیتمی گۆرانیەکە پەیوەندیەکی هاوتەریبە

شیعر (Poetry)

(بایێ شەمار) هۆنراوەیەکی فۆلکلۆری کوردیە. لە ڕووی کێشەوە پیك دێت لە (8) بڕگەیی. هەروەها سەرواى کۆتا برگە شیعرەکان کۆتایی هاتووە بەپیتی (ر) ئەمەش جۆرێك لە ڕیتم و موزیکی لەنێو شیعرەکەدا دروست کردووە.

با/ یێ/ شە/ مار/ با/ یێ/ شە/ مار    یا/ ڵڵا/ هەر/ کەی/ با/ یێ/ شە/ مار

8 7 6 5 4 3 2 1    8 7 6 5 4 3 2 1

لە/ کەن/ دان/ دێ/ بە/ نارە/ نار    یا/ ڵڵا/ هەر/ کەی/ با/ یێ/ شە/ مار

8 7 6 5 4 3 2 1    8 7 6 5 4 3 2 1

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2.6.2 نموونەی دووەم گۆرانی (یەك لەماڵان هاتەدەر)

ئاوازوهۆنراوەی: فۆلكلۆر




فۆڕم (Form) : فۆڕمی پێکهاتەکەی (یەك بەشی)یە ڕستەی یەکەم ($A_a$ ) دەست پێدەکات لە خانەی ( 1 تاوەکو 4) ڕستەی دووەم ($A_b$) دەست پێدەکات لە خانەکانی (5 تاوەکو 12) کە پێك دێت لە هەشت خانە کە گۆرانی بێژ ئەدای دەکات، وەکۆی گشتی خانەکان پێك دێت لە (12) خانە.

میلۆدی (Melody)

پێکهاتەی پەیژەی گۆرانیەکە (بەیات لەسەر لا) حوسینی. کە نۆتەکانی بەشێوەیەکی ئۆکتاف پێك دێن لە (لا ـ سی کاربیمۆڵ ـ دۆ ـ ڕێ ـ می ـ فا ـ صۆڵ ـ لا)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




پەیژەی (بەیات لا) حوسینی ، بەسەردوو چواریلە، ڕەگەز (Tetrachord) دابەش دەبێت. چواریلەی یەکەم بەیات لەسەر (لا) حوسینی. وە چواریلەی دووەمی بریتیە لە کورد لەسەر (می) .




میانەی نێوان Acoustic Space پێکدێت لە نزمترین دەنگ (صۆڵ[4]) و بەرزترینیش دەنگی (می[5]) کەمەودای دەنگی نێوان هەردوو تۆنەکە. میانەکی شەشی گەورەیە.



خشتەی میانەکان لەگۆرانی (یەك لە ماڵان هاتەدەر) کە کۆی میانەی هەنگاوەکان (1. هـ ، 2 . گ ـ 2 . نا) دەکاتە 46 میانە. وە میانە بازەکان 3 میانەیە، کەوایە کۆی گشتی میانەکان دەبێتە (49) میانە.

| 1.هـ | 2 . گ | 2 . نا | 3 . نا | 3 . ب | 4 . ت |
|---|---|---|---|---|---|
| 16 | 9 ↑ | 7 ↑ | | | |
| | 8 ↑ | 6 ↓ | 1 ↓ | 1 ↓ | 1 ↓ |

ڕیتم (Rythem)

پێکهاتەی ڕیتمی پێك دێت لە:

a. کێشی (Time signature)  کە بەناوە ڕۆژهەڵاتیەکەی پێی دەڵێن (هێوە)

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

( هێـوه )





b. خێرایی کێش Speed : (Allegro)

c. لە پێکهاتەی بەشەکانی ناوەوەی یەکەی (نواڕ و کرۆش و کرۆش خاڵدارو دەبڵ کرۆش) ی بەکارهاتووە.

d. ئەم شێوە ڕیتمانەی ناوەوە لەنێو گۆرانیەکە بەکارهاتووە . ڕیتمی گۆرانیەکە جیاوازە لە فۆڕمی ڕیتمی گۆرانیەکە Rhythmic Forms:




فۆڕمی ڕیتمی گۆرانی



فۆڕمی ڕیتمی ووتنی گۆرانیەکە

شیعر (Poetry)

(یەك لەماڵان هاتەدەر) هۆنراوەیەکی فۆلکلۆری کوردیە. لە ڕووی کێشەوە پیك دێت لە (7) بڕگەیی. هەروەها لە ڕووی سەرواوە نیوەدێری دووەم و چوارەم هەمان سەروەیان هەیە بە پیتی (ە) کۆتاییان هاتووە.

یەك/ لە/ ما/ ڵان/ ها/ تە/ دەر     چاو/ ڕەش/ نا/ سکە/ بێـ/ ری / یە

1 2 3 4 5 6 7     1 2 3 4 5 6 7

بە/ دە/ ستی/ عیـ / شار/ دە /دا     کە/ سمان/ لە/ ما/ ڕێ / نی/ یە

1 2 3 4 5 6 7     1 2 3 4 5 6 7

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3 . دەرئەنجامی توێژینەوەکە

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

- فۆرمی گۆرانیە فۆلکلۆریە کوردیەکان بەزۆری لە یەك ڕستەی موزیکی پێك دێن و چەند جارێك دووبارە دەبنەوە بەگۆڕانکاریەکی کەم، وە هەندێکجاریش لە دوو ڕستەی موزیکی جیاواز پێکدێن. لە ڕووی فۆڕمەوە بە شێوەیەکی گشتی دەکەونە نێو فۆڕمە دنیایەکان و لە ڕووی پێهاتەی فۆڕمەوە ( یەك بەشی و دووبەشی) لەخۆدەگرن. هەروەها لەڕووی پۆلێنەوە گۆرانیە فۆلکلۆریەکان بەزۆری دەچنە نێو پۆلێنی گۆرانی کارو ئەڤینیەوە.
- میلۆدیە فۆلکلۆریە کوردیەکان بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتەی نۆتەکانی هەمان پێکهاتەی فۆڕمی ڕیتمیەکەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە گۆرانیە فۆلکلۆریەکان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەساسی ڕیتمە گۆرانیەکان دادەڕێژرێن. وە میانەکانی نیو میلۆدیە فۆلکلۆریە کوردیەکان بەزۆری پێکدێن لە میانەکانی( هاوچین ودووانی وسیانی). لەڕووی مەقامیشەوە (بەیات وعەجەم) زۆرتر بەکارهاتوون.
- ڕیتم لەنێو گۆرانی کوردی شانبەشانی میلۆدیەکە گرینگی هەیەو چونکە زۆربەی گۆرانیە فۆلکلۆریەکان بە کۆمەڵ دەوترێنەوە لە کارکردنداو شێوەیەکی ڕیتمی پێکدەهێنن بۆ ئاسانترکردنی کاری ڕۆژانەیان. زۆرترین ئەو ڕیتمانەی کە بەکارهاتوون 6/8 و2/4 بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی تیمۆوە خێراو مامناوەند و کێشدارن.
- شیعری فۆلکلۆری کوردی  جگە لەناوەڕۆك وڕوخسارێکی جوان و سادەیی لە دەربڕین و ووشەی ناسك و تێکهەڵکێشی ژیانی کوردەواری، خاوەنی کێش و سەرواى خۆیانن. لە نێو خودی شیعرە فۆلکلۆریەکان ئاوازو ڕیتمی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەمەش نیشانەی بەهێزی شیعری فۆلکلۆری کوردی دەردەخات. شیعری گۆرانیە فۆلکلۆریەکان بەشێوەیەکی گشتی لە حەوت بڕگەیی پێکدێن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3.1 پێشنیار

توێژەر پێشنیاری ئەوە دەکات بۆ کۆلێژ و پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان، کە گرینگی زیاتربدرێت بە گۆرانیە فۆلکلۆرە کوردیەکان و وەك وانیەکی سەرەکی بخوێندرێت. هەروەها سود لە نۆتەی بەرهەمەکانی ئەم هەنگاوەی توێژەر وەربگیرێت، لە وانەکانی ژەنینی بە کۆمەڵ و ژەنینی ڕاستەوخۆ و شیکردنەوەکان.

### 3.2 ڕاسپاردە

توێژەر سەرجەم ئەو مامۆستا و هونەرمەندانەی کە  لە داهاتوودا دەیانەوێ توێژینەوە بکەن ڕادەسپێرێت بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەی تر لەگۆرانی فۆلکلۆریەکانی ناوچەکانی تری کوردستان.  وە دەتوانن سوود لە ئەزمونەکانی ئەم توێژینەوەیە وەربگرن. بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی فراوانتر لە گۆرانیە فۆلکلۆریە کوردیەکان.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کوردییەکان


1. شێخانی، سەعدوڵا ئیسماعیل، 1990، سێ سەد هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی، بەغدا
2. بەرزنجی، دیاری،2010، کورتە نووسین"گەڕان بەدوای ڕەسەنایەتی" گۆڤاری چلاواز، ژ.47
3. حەمەباقی،محەمەد، 2009، مێژووی موزیکی کوردی، هەولێر، چاپی سێیەم
4. حەمەباقی، محەمەد ،2011، موزیك وگۆرانی کوردی، دەزگای موزیك وکەلەپوری کورد، چاپخانەی هێڤی، هەلێر،
5. خەزنەدار، مارف، 1962، کێش وقافیە لەشیعری کوردیدا، بەغدا
6. ڕەسول،عزەددین مستەفا ، 1970، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ولێکۆڵینەوە، بەغدا
7. زامدار، مەحمود ، 1980، دەروازەیەك بۆ ئاوازو گۆرانی ی کوردی
8. سەگرمە، ع.ج، 2003، لاپەڕەیەك لە بنەمانی موزیکی کوردی، ئینستوتی کەلەپوری کورد، بەرگی یەکەم ، هەولێر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

9. شەریف، محەمەد کەریم ، 1974، فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردی، کەرکوك،
10. شاربازێری، عوسمان ،1985، گەنجینەی گۆرانی کوردی، بغداد: چاپخانەی زەمان،
11. عەبدوڵا،عەلی،2008، بەهەڵە بردنی شیعر لە گۆرانی کوردیدا، لە کتێبی(ئەو وتارانەی لەبارەی هونەر دەدوێن، لە نوسینی، دیاری قەرەداغی، سلێمانی
12. عەلی، ئەسعەد محەمەد، 2010، گۆرانی فۆلکلۆری چەمك وتایبەتمەندیەکانی، و.ئامانج غازی، هەولێر
13. غەفور، عەبدوڵا، 2009، ئیناکلۆپیدیای هەولێر، لوبنان
14. فەرەج، غەمگین، 2005، دەروازەیەك بۆ بۆتەکانی موزیك، وەزارەتی ڕۆشەنبیری، ئینستیوتی کەلەپوری کوردستان، هەولێ
15. قادر، مەهدی مەحەمەد ، 2008، هەولێر لە نێوان 1914 بۆ 1920، چ ڕۆژهەڵات ، هەولێر
16. کۆیی،جان تۆماس، 1998، ڕەزمەکانی مۆسیقای کوردی،هەولێر
17. کۆمەڵە نوسەرێك، 2009، سەرنجێك لەدەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە، دەزگای ئاراس، ژ.910، چاپی دووەم، هەولێر
18. کاکەیی ،هەردەوێڵ ، 2006، مەقام وموزیکی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوك،
19. مەلاساڵح، حەکیم، 2014، هەڵبجە لە ئامێزی مێژوودا، شانۆ-مۆسیقا، بەرگی چوارەم، هەولێر
20. نەسروڵلاپوور، عەلی ئەسغەر،2007، و.ستار کەریم، ئامێری موزیکی کورد، چاپی یەکەم، هەولێر

**دووەم: عەرەبییەکان**

1. الجاوشلي ، هادي رشيد ، 1985، تراث اربيل التاريخي مطبوعات الامانة العامة الادارة الثقافية والشباب،
2. حداد ،عبد الله محمد احمد ، 1997، مدخل لدراسة تطور مدينة اربيل للفترة ( 1770 – 1820 ) ، مجلة كاروان الاكاديمي ، اربيل

3. بوسيرا نيكتين، 2007 ، نصوص من الفولكلور الكردي ، إعداد و ترجمة.حنيف يوسف: الطبعة الأولى، سپيريز دار للطباعة و النشر، أربيل
4. عبدالحكيم، aشوقى، 1982، موسوعة الفولكلو والأصاطير العربيه، دارالعده بيروت، ط 1.

**سێیەم : ئینگلیزییەکان:**

1. Ammer, Chritine, 2004, The Facts One File Dictionary Of Music
2. Bartok.Bela &B. Lord. Albert, 1951,  Serbo Croation Folk Songs ، ،New work ،Columbian University Press
3. Definition ,Smith, 2000, GCSE Music Elements Of Music
4. Firdaus ,Edwan Ali, 2013, Textual Meaning in Song Lyrics, Indonesia University of Education (PendidikanBahasaInggris)
5. CRAIG WRIGHT, LISTENING TO WESTERN MUSIC, USA: Publisher: Clark Baxter, 2008, 22.

**چوارەم: گۆڤارەکان**

1. ئەحمەد، وریا، 1982، گۆرانی فۆلکلۆری چیە؟، گۆڤاری کاروان، ژ.3
2. ئاسۆس محەمەد مەلا قادر، 2020، بەر کۆڵێک لە بارەی مێژووی کۆنی هەولێر، گۆڤاری شوێنەوارو مێژوو
3. ئایاکۆ تاتسۆمۆرا، 1989، موزیکی کوردی، و.جەلال زەنگابادی، گۆڤاری کاروان، ژ.76، بەغدا
4. خەزنەدار ،مارف، 1989، گۆڤاری کاروان، کورتە باسێك لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی
5. شەورۆ، فاضل، 1989، جۆلایی و کارگەچێتی وتەون وگوری لەناوکوردەواریدا، گۆڤاری کاروان، ژ.76

6. Britannica, T. Editors of Encyclopaedia. "melody." Encyclopedia Britannica, April 21, 2021. https://www.britannica.com/art/melody.

## پێنجەم: سایتە ئەلیکترۆنیەکان


1. ئەحمەد حەیران، موقیع الرسمی محافظة أربیل بینراوە لە بەرواری 2021/9/7 لە https://www.hawlergov.org/app/ar
2. ئەبووبەکر، کەنار لە بەرواری 24/12/ 2022 وەرگیراوە لە سایتی زانیای /https://zaniary.com/blog/62dc198246a8e
3. موقع التراث العربی، 2020 https://sites.google.com/site/toraatharabi/d3
4. بینراوە لە بەرواری 2022/9/21 لە سایتی https://www.masterclass.com/articles/songwriting-101-learn-common-song-structures#27kI417X5TfChaILp5p6lU Last updated: Aug 10, 2021
5. Chase، Samuel، 2020 /https://hellomusictheory.com/learn/melody
6. Gregory Hanson, What Is Secular Music?, Last Modified Date: August 29, 2022. https://www.musicalexpert.org/what-is-secular-music.htm
7. Pisney، kody، 2012 #https://www.scribd.com/doc/90557870/SHMRG


## شەشەم: چاوپێکەوتن


بێلاف، عبدالرحمن، 2022، چاوپێکەتن سەبارەت بە پەیوەندی بەشیعرو ئاواز.

خامۆش، ڕۆستەم، 2022، چاوپێکەتن سەبارەت پەیوەندی بەشیعرو گۆرانی

سەگرمە ،عەبدولڵا جەمال، لە میانی چاوپێکەوتن، 2016/1/12، کۆلێژی هونەرە جوانەکان. سلێمانی.

# Components of Kurdish Folk Song in Erbil

**Karwan Othman Taha**
Dartment of Music ،College of Fine Arts ،Salahaddin University ،Erbil Kurdistan Region ،Iraq.
karwanmusic83@gmail.com

**D.Nasr hashm badan**
Dartment of Music ،College of fine Arts ،Basra University ،Basra ،Iraq.
nasserbadan60@su.edu.kurd

**Rizgar mohamad shikh mohamad**
Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
rizgar.shikhmohamad@su.edu.krd

## Abstract
This research attempts to analyze the content and main (components of the Kurdish folk song in Erbil) in terms of melody, poetry, rhythm and form, which are the basis and source of the song. Not only conducting a scientific analysis on the main principles of Kurdish folk songs in general and Erbil folklore in particular will help archiving these songs and preserving them from extinction, but also very important for preserving Kurdish song culture and providing notes for these songs Art academies in Kurdistan and enriching Kurdish libraries with artistic resources. The researcher analyzed several Kurdish folk songs in Erbil as examples of the research to present the songs' main components.

**Key words**: *Kurdish songs, folklore, melody, rhythm, poetry*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# عناصر الأغنية الشعبية لمدينة أربيل

## ملخص:

يعتبر هذا البحث الذي يحمل عنوان ( مكونات الأغنية الشعبية الكوردية في مدينة أربيل ) دراسة نظرية تحليلية كما أنه محاولة لتحليل محتوى وعناصر الأساسية للأغنية الكوردية في مدينة أربيل من ناحية ( اللحن - والشحر والإيقاع - والشكل ) الذي هو أساس ومصدر وأدوات لتشكيل أي أغنية. من البديهي أن التحليل العلمي للأسس الرئيسية في الأغنية الكوردية الشعبية بشكل عام والأغنية الشعبية في مدينة أربيل خصوصاً على الرغم من أنها تعد ضمن عملية مهمة لأرشيف هذه الأغاني وفي نفس الوقت خطوة مهمة لحمايتها من الإنقراضى. وكذلك لها أهمية كبرة للحفاظ على الأغنية التراثية الكوردية وتوافر هذه الأغاني للأندية الفنية والمؤسسات الأكاديمية الفنية في كوردستان. وإثراء المكتبة الكوردية بمصادر الفنية. قام الباحث بدراسة وتحليل بعض الأغنية الشعبية الكوردية لمدينة أربيل كنموذج للبحث بغرض عرض المكونات الأساسية للأغاني.